وەزارەتی کارەبا هاووڵاتیان دڵنیادەکاتەوە کە دەخی کارەبا بڕەو باشبوون دەچێت

ئەمڕۆ شەممە،وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، خواست لەسەر کارەبا بە زیاتر لە حەوت هەزار و 500 مێگاوات بەرز بووەتەوە، دەشێت، هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە بڕیی ئەو بەرنامەیەی وەزارەتی کارەبا دایناوە، لە ڕێگەی سیستەمی پۆوەری زیرەك و پرۆژەی ڕووناکی 24 کاتژمێری، دەخی کارەبا بڕەو باشبوون دەچێت.

وەزارەتەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە: لە وەرزی زستانی ئەمساڵدا خواست لەسەر کارەبا حەوت هەزار و 500 مێگاواتی تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی کارەبا تەنیا سێ هەزار و 500 مێگاواتە و لە کابینەی نەیەم هەزار و 500 مێگاوات زیاد کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا 460 هەزار هاوبەشی نوێی کارەبا زیاد بووە و خواستی کارگێکانی چیمەنتۆ و ئاسن و کارگە پیشەسازییەکانی دیکە و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و سیتییەکان لەسەر کارەبا زیاتر بووە.

باسی لەوەشکردووە: هاوکات نەخشەکان و پرۆژەکانی ئاو و دامودەزگا ئەمنیەکان و بەندیخانە و خاڵە سنووریەکان کارەبای بەردەوامیان بە دابین کراوە، بەڵێ تێکڕای کاتی پێدانی کارەبا لە ساڵی

2024دا 12:44 کاتژمێر بوو.

وەزارەتی کارەبا ئاوشی وتوو: تەچوونی بەرهەمهێنانی کارەبا لەناو قەیرانی دارایی و کێشە تەکنیکییەکانی گواستنەوەی سوتەمەنی بۆ وەستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و هەرشە تیرۆریستییەکانی سەر کێڵگەکانی گاز و شوێنی کارکردنی کەمپانیای دانەغاز، ئاوەندی دیکە کاریگەریی نەرێنیان بۆ سەر بەرهەمهێنانی کارەبا دروست کردووە.

دەشێت: وەزارەتی کارەبا بۆ باشترکردنی دۆخی کارەبا وەڵامی زیادکردنی ئاو هەزار و 500 مگاواتە، تەنیا لە سەکتەری گواستنەوە زیاتر لە دەیان وەستگەی گواستنەوە و گەڕین و مەیلی کارەبای لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراندووە و بۆ درێژایی 350 کیلۆمەتر هێڵی کارەبای 132 کەی ڤیی پاڕێزستەی بەرز و 33 کەی ڤی راکێشاوە و سەدان پرۆژەی دیکەی لە تەڵی دابەشکردنی ناوخۆ بونیات ناوە و کارەبای گەیاندووەتە سەرجەم ناوچە و گوندە دوورە دەستەکانی هەرێمی کوردستان.

ئاوشی وتوو: هاووڵاتیان دەنیا دەکەینەوە بەپێی ئاو بەرنامەیەی وەزارەتی کارەبا دایناوە، لە ڕێگەی سیستەمی پاوەری زیرەك و پرۆژەی ڕووناکی 24 کاتژمێری، دۆخی کارەبا بەرەو باشبوون دەچێت.